میدیا
خاوەنی ئیمتیاز
غەفوور مەخمووری
سەرنووسەر
ئاکۆ محەممەد
صحيفة اسبوعية تصدر عن الاتحاد القومي الديمقراطي الكوردستاني
میدیا لەئینتەرنێت دا
www.yndk.com
پۆستی ئەلکترۆنی
yndkm@yahoo.com .
پەیوەندی کردن پەفاکس لەگەڵماندا
لەڕێگەی (نووسینگەی هەولێری
سەنتەری سەفێن)ەوە دەبێت، بەو ژمارەیە :
Fax: 0044 162 84 77 322
هەولێر/ شەقامی شەستی / نزیك ئاسایشی گشتی
بارەگای مەکتەبی سیاسی YNDK
ت (٢٢٢٣٦٧٥)
پیت چنین و نەخشەسازی کۆمپیوتەری دەریا
جگە لەسەروتار، ئەو وتارانەی لەم رۆژنامەیەدا بلاو دەبنەوە، دەربڕی بیروڕای نووسەرەکانەو میدیا لێیان بەرپرسیار نییە

رووبەڕوو لەگەڵ رۆشنبیراندا

عومەر فارس:

تائێستا هیچ حیزبێکی کوردستانی هەرەشەی لێنەکردووم، بەڵام سوکە گلەییان هەیە

عومەر فارس کە لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٧ی سلێمانییەو لەساڵی ١٩٨٨وە لەهۆڵەندا گیرساوەتەوە، ماوەی دوو ساڵە بەهۆی دامەزراندن و بەڕێوەبردنی ماڵپەڕی کوردستات نێت بووەتە ناوێکی ئاشنا لەنێوەندی رۆژنامەڤانی رۆشنبیری کوردیدا. بۆ ئاشنا بوون بەخۆیو کوردستان نێت روویبەڕووی ئەو پرسیارانەمان کردەوە.

*** ئایا ئینتیمای حیزبیت لەپارتە کوردییەکاندا هەبووەو، چالاکی سیاسیت لەنێوخۆ و دەرەوەی وڵات دا هەبووە؟**

– من لەژیانمدا نەبومەتە ئەندامی هیچ پارتێکی کوردی، بەڵام هەمیشە لەگەڵ ئازارەکانی میللەتەکەمدا ژیاوم. کە لەشاخیش بووم بەگوێرەی توانای خۆم هاریکاری بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردم کردووەو لەقوتابخانەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش وانەم بەمندالان دەگوت. لە ١٨/١٠/١٩٨٥داو رۆژێك پێش (مەنعەتەجەولە گەورەکەی سلێمانی) کە لەو رۆژەدا من لەماڵەوە بووم و تازە بەقاچاخی ژنم هێنابوو، سلێمانیم بەیەکجاری بەجێهێشت و لەسەرەتای ١٩٨٦دا بەنابەدڵییەوە (کە ئێستا ناکرێت باسی لێوە بکەم) لەگەڵ هاوسەرەکەمدا رێگای ئێرانم گرتە بەرو ئاوارە بووم. لەساڵی ١٩٨٨ وە لەهۆڵەندا جێگیر بووم. لەبواری سیاسیدا لەهۆڵەندا ئەندامی پارتی چەپە سەوزەکانم GroenLinksو بۆ ماوەی سێ ساڵ بەڕێرسی دارایی ئەو پارتە بووم لەهەرێمی فلەیفۆ لانسدی هۆڵەندا،و دوو ساڵی رابووردوی هەڵبژاردن پاڵێوراوی هەمان پارت بووم بۆ ئەنجومەنی شارو هەرێم.

*** چۆن بیرۆکەی کردنەوەی ماڵپەڕی کوردستان نێتت لا گەلالە بوو و چ رۆژێك دەستی بەبڵاوکردنەوە کرد؟**

– لەساڵی ١٩٩٢ وە بواری کۆمپیوتەرم هەڵبژاردو لەپاڵەوە دەمخوێند هەتاکو چەند شەهادەیەکی جیاجیام وەرگرت لەزۆربەی بەرنامەکانی کۆمپیوتەری ئەو سەردەمە. لەساڵی ١٩٩٣ بەهۆی هاوڕێیەکمەوە توانیم لەماڵەوە ئینتەرنێتم هەبێت. لەو کاتەدا ئەك سایتی کوردی بگرە بەدەگمەن سایتی عەرەبیش هەبوو. هەر لەوکاتەوە ئاواتەخوازبووم کە رۆژێك بێت بتوانم لەسەر ئینتەرنێت بەکوردی کاربکەم، زۆر جاریش بەهاوڕێکانم دەگوت رۆژێك دێت بتوانم سود لەم ئینتەرنێتە وەربگرم و سایتێکی ئازاد دروست بکەم. ئەوەبوو لە ١٣/٨/٢٠٠٠ بۆ یەکەمجار لەژێر ناوی ژیلەمۆ ئەو سایتەم کردەوە پاشان کردم بەکوردستان نێت.

*** پێشتر کاری راگەیاندن و رۆژنامەڤانیت کردووە؟**

– لەسەرەتای ساڵی ١٩٩٢دا لەشارەکەماندا ئەندامی دەسەتەی بەڕێوەبەری کۆمەڵەی شارەکەمان بووم. هەر لەو کاتەوە لەگەڵ بەڕێز (مستەفا شەڵماشی) بۆ یەکەمجار لەهۆڵەندادا گۆڤارێکی کوردیمان دەرکرد بەناوی (ئاواوارە) بەهۆی گواستنەوەی کاك شەڵماشی لەشارەکەمان بەتەنیا مامەوە. درێژەم دا بەدەرچوونی بەڵام لەژێر ناوی (بیناییی). بەڕاستی ئەوەی من دەمویست بیکەم لەگەڵ بیرو بۆچوونی دەستەی بەڕێوەبەری کۆمەڵەکەماندا نەدەگونجا، بۆیە گۆڤارەکەم تەسلیم کردنەوەو ئەوانیش بۆیان بەڕێوە نەچوو و لەچاڵیان نا. منیش زانیم ئەو ئازادی رادەربڕینەی من باوەڕم پێیەتی، زۆر کەس بۆی قوت ناچێ، بۆیە هەوڵمدا سەربەخۆبم لەکاریکی وادا گەر بتوانم بیکەم.

ماوەیەك پاش دامەزراندنی تەلەڤزیۆنی مەد تیڤی وەك خۆبەخشێك کەوتمە هاریکاریکردنیان، سەرەتا لەبەرنامەی دیداری ئازیزان لەکاتی پەخشی زیندودا لەگەڵ فەرهەنگ ئیسماعیل وەك (خولەو بلە) کورتە شانۆی بچوکمان پێشکەش دەکرد. بەڵام دواتر بومە هاریکاری هاوڕێم سیروان رەحیم لەبەرنامەی (کساروان)و لەساڵی ٢٠٠٠ دا گەرامەوە کوردستان بۆ ئامادەکردنی دوو بەرنامەی تەلەڤزیۆنی کە یەکێکیان لەسەر کەرکوك بوو ئەوی تریان لەسەر کۆچ، خۆشبەختانە هەردوو بەرنامەکەم لەکوردستان ئامادەکردو وەك برادەرانیشم دەڵێن سەرکەوتوبوو. ئەمە جگە لەوەی کە چەندین چاوپێکەوتنم لەبواری جیادا لەگەڵ کوردو بیانیدا ئەنجامداوە، کە لەڕێگەی بەرنامەی کاروانەوە نیشاندراوە.

*** ئایا تائێستا هیچ کەس و لایەنێك لەرووی دارایی‌ەوە یارمەتییان داوی؟**

– نەخێر تاکو ئێستا هیچ کەس و لایەنێك لەرووی دارایی‌ەوە یارمەتی نەداوم و ئەگەر بشیانەوێ یارمەتیم بدەن سوپاسیان دەکەم نامەوێت. وەك لەپەیڤێکی کورتدا کە لەکوردستان نێت بڵاومکردۆتەوە، ئەگەر توانای بەڕێوەبردنم نەما لەرووی دارایی‌ەوە، ئەوا پەردەیەکی رەش دەدەم بەشاشە بچوکەکەمداو مسال ئاوایی دەکەم.

*** دیارە تۆ لەکاتی پشوی شەوانەتدا بەکوردستان نێتەوە مژول دەبی، ئایا هاوسەرو منداڵەکانت لەسەر ئەوە گلەییت لێناکەن؟**

– ئاکارێ بڵێم بەیینی خۆمان بێت، بەڕێوەڵا زۆر ئاڕازین لێم چونکە ئێمە لەماڵەوە یەك کۆمپیوتەرمان هەیە، من هەموو کارەکانی کوردستان نێت و هەرسێ منداڵەکەم کاری قوتابخانەیان هەر بەو کۆمپیوتەرە دەکەین، راستیشت دەوێ من زۆر جار گزی لەوان دەکەم و ئەوانیش لێم تووڕە دەبن. هاوسەرەکەشم هەرچەند لەسەرەتاوە توند بوو لەگەڵمدا، بەڵام خۆشبەختانە ئێستا توندیەکەی ئەماوەو بگرە زۆر جار کە دەچینە دەرەوە، دەڵێت بابڕۆینەوە، فریایی رێکخستنی کوردستان نێت ناکەویت.

*** تائێستا هیچ لایەنێکی کوردستانی داوەتی ئەکردووی بۆ سەردانی کوردستان؟**

– نەخێر تاکو ئێستا هیچ پارتێك بانگهێزی ئەکردووم بۆ کوردستان!!! بۆ بەرای تۆ ئەوان ئاگادارن من چی دەکەم؟.

*** لەسەرەتادا رایەکی واهەبوو کە کوردستان نێت لەبەرامبەر ماڵپەڕی کوردستان پۆست لایەنگری یەکێکی‌داکرابێتەوە (بەتایبەتیش کە شەرە قسەیەکیش لەنێوانتاندا دروستبوو کاتی خۆی)، لەوبارەیەوە دەڵێی چی؟**

– من باوەڕناکەم کوردستان پۆست پێش کوردستان نێت کەوتبێتەکار. ئاشزانم ئەوان سەر بەپەکێتی بوون یان نا، لەراستیشدا من لەگەڵیاندا نەمبۆتە شەرە قسە، لەو کێشەیەشدا هەندێ تێنەگەشتن بوو لەلایەن ئەوانەوە، چونکە لەوە دەچێت ئەوان لەوڵاتەوە خەریکی کاری رۆژنامەوانی بووبن، تۆزێك زەحمەت بوو لەیەکێکی وەك من بگەن و وەك رۆژنامەوانێك قبوڵم بکەن. لەراستیشدا ئازانم ئایا خۆیان دەرچووی کۆلێژی رۆژنامەوانین یان نا!! ئەوان وایان دەزانی هەموو شت دەبێت بەدڵی ئەوان بێت. زۆر هەنگاوی گەورەو بەڵێنیاندا!! کە لەراستیدا دەبوایە لەسەرخۆ بەردەوام بوونایە بۆ ئەوەی بەردەوام بوونایە.

*** کێن ئەوانەی کە کوردستانیێتیان خۆشدەوێ، ئەوانەی رقیان لێدەبێتەوە؟**

– من لەو باوەڕەدام زۆر زۆرن ئەوانەی کوردستان نێت یان خۆش دەوێت. چونکە کوردستان نێت جێگای هەموو بۆچوونە دژ بەیەکەکانی تێدا دەبێتەوە. راستە من خۆم مرۆڤێکی نەتەوەییم، بەڵام باوەڕێکی تەواوم بەدەربینی ئازادی بیروڕا

بۆ ل١١

شڤان پەروەر خەلاتێکی جیهانی وەردەگرێ

ماڵپەڕی Tirej.com لەرۆژی ١١/١/٢٠٠٣ بڵاویکردەوە کە هونەرمەندی نێوداری کورد شڤان پەروەر لەلایەن ئاوەندی شیمن لەشاری بەرشەلۆنە خەلاتکرا. ئەو خەلاتە کەئیعتباریکی زۆری هەیە تەنیا بەکەسە نێوداریەکانی ئەو گەلە بندەستانە دەدرێ کەبەدەنگی گەلەکەی خۆیان بەجیهاندا بڵاودەکەنەوە.

دوای وەرگرتنی خەلاتەکە شڤان پەروەر کۆنگرەیەکی رۆژنامەڤانی ئەنجامدا کە تیایدا باسی لەرەوڵم و ستەمی داگیرکەرانی کوردستان کرد.

کاریکاتێرێك هەزاران ئێرانی کۆنەخوازی هێنایە سەر جادە

رۆژی ١٢/١/٢٠٠٣ هەزاران پیاوی ئایینیو قوتابی سەر بەباڵی موحافیزکارو کۆنەخوازی ئێرانی لەشاری قومی ئێران رژانە سەر شەقام بۆ بڕۆتیستۆکردن و داواکردنی سزادانی گۆڤاری (حیات نو) بەهۆی بڵاوکردنەوەی کاریکاتێرێك کە موحافیزەکارەکان پێیان وابوو ئیهانە کردن بوو بۆ خومەینی. هەر چەندە کە بەڕێوەبەرانی گۆڤارەکە رایاندگەیاند کە کاریکاتێرەکەیان لەگۆڤارێکی ئەمریکی وەرگرتووەو لەساڵی ١٩٣٧دا بڵاوکراوەتەوەو پیاوە هەرەس خواردووەکەش رۆزنامەنووسێکی ئەمریکی ئەمریکایە، بەڵام موحافیزکارەکان بەبەردەوامن لەسەر داواکاریو ناڕەزاییەکانیان.

زانکۆی ئەزهەر چارەسەرکردنی بەقورئان قەدەغە دەکات

دوای ئەوەی ماوەیەدا چارەسەرکردن بەقورئانی پیرۆزو خوێندنەوەی ئاواز گوێگرتن لەهەندێ ئایەتی قورئانی پیرۆزو گوتنەوەی هەندێ‌تەو وشەو شێوازی سیحرباز‌انە لەمیسرو وڵاتە ئیسلامییەکانی دیکەدا زیادی کرد، زانکۆی ئەزهەر کە بەگەورەترین ناوەندی بڕیارو ئاراستەکاری ئیسلامی دادەنرێ، بڕیاریدا کە ئەو جۆرە بازرگانیکردن و چارەسەر کردنە بەئایین و قورئان قەدەغە بکرێ. بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕیارەش پۆلیسی میسری دەستی بەسەر هەموو ئەو شریت و پەرتووکانەدا گرت کەباسی چارەسەری بەقورئان دەکەن.

زانکۆی ئەزهەر لەبڕیار نامەکەیاندا ئاماژە بەوە دەکا کە ئەوە جۆرە چارەسەرییەی ئێستا بەهۆی قورئانەوە دەکرێ خەریکە دەرگای سیحربازیو دەستخەرۆکردنی خەڵکی هەژار بەسەر ئایندا دەکاتەوەو ئەوەش بەهیچ جۆرێك قبوڵ ناکرێ.

کلۆدیاشیڤەر پیاوێکی ٣٢ ساڵی شێت دەکا

پۆلیسی ئەڵمانی پیاوێکی ٣٢ ساڵی دەستگیرکرد دوای ئەوەی ماوەیەك پێش ئێستا ١٢٤ ئەلقەو ئەنگوستیلەیەکی زێڕو کاتژمێرێکی گرانبەهای ٥٧ یۆرۆیی دزی، تاوەکو کلۆدیاشیڤەری شۆخ و شەنگەی نمایشکاری ئەڵمانی ئەنگوستیلەیەکیان لێ هەڵبژێرێ، دزەکە لەبنەڕەتدا

بۆ ل١١

پێش ئەوەی بەشداری شەڕی عێراق بکەن دوو سەربازی ئوسترالی تۆوی خۆیان هەڵدەگرن

رۆژنامەی (سەن هیرالد)ی ئوسترالی بڵاویکردەوە کە دوو سەربازی هێزی کۆماندۆی ئوسترالی پەیوەندییان بە باندکی تۆو هەڵگرتنی سیدنیەوە کردووە بۆ هەڵگرتنی تۆیەکانیان دوای ئەوەی هێزەکەیان خرایە حاڵەتی ئامادە باشی بۆ ئاردنیان

بۆ ل١١

لەسعودیە :

کوردێك خەلاتی کورتە چیرۆکی بردەوە

عەبدولباقی یوسف خەلاتی ئەمساڵی کورتە چیرۆکی یانەی تائیفی ئەدەبی سعودی بردەوە، کەساڵانە بە بەشداری ئەدەبیانی هەموو وڵاتە عەرەبییەکان ساز دەکرێ.

هێژای گۆتنێیە عەبدولباقی یوسف کە ساڵی رابردووش خەلاتی یەکەمی رۆمانی بەعەرەبی نووسراوی وەرگرت، رۆمانووس و چیرۆك نووسێکی نێوداری دانیشتوی رۆژئاوای کوردستانەو سکرتێری (پارتی یەکێتی کورد لەسوریا)یە کە لەوەتای خۆنیشاندانی ١٠/١٢/٢٠٠٢ لەدیمەشق رووبەڕووی هەڵمەتێکی راوەدوونان و دەستگیرکردنێکی فراوان بووەتەوە.

بنلادن و فۆتۆ مۆدێل

Kola Boof

لەم رۆژانەدا فۆتۆ مۆدێلی پێشووو (Kola Boof)، بڵاویکردەوە کە ئەو لەساڵی ١٩٩٦دا لەلایەن بنلادن و رێکخراوەکەیەوە بۆ ماوەی چوار مانگ لەئوتێلێکدا دەست بەسەر دەکرێت و گوایە چەند جارێك بنلادن بەزۆر لەگەڵی خەوتووە. بەقسەی ئەو ئافرەتە ئەم رووداوە کاتێك رویداوە، کە ئەو بۆ ئەوەی وەکو ئەکتەر کار بکات دەچێتە باکووری ئەفریقا، هەر بۆیە لەگەڵیك لاوە گومانی ئەوە دەکرێت کە منداڵە پێنج ساڵانەکەی کۆلا هسی بنلادن بێ، بەڵام ئەو ئەم هەواڵە بەدرۆدەخاتەوە. جێگای وەبیر هێنانەوەیە کە ئەم هەواڵە لەکاتێکدا بڵاو دەکرێتەوە کە کۆلای دیوانە شەیعرێکی خۆی بڵاوکردۆتەوە کە تیایدا سوکایەتی بەئایینی پیرۆزی ئیسلام دەکات. ساڵە کوردە- سوێد

(قائد) بووە (رەهەند)

دەمێکە مشتومڕی زۆر سەبارەت بەگۆڕینی ناوی کوردی بۆ سەر زوبانی عەرەبی لەئاراداییە... لەبەرانبەردا کەسانی واش هەن ناوی خۆیان لەعەرەبیەوە دەکەنە کوردی.. (قائد) گەنجێکی تازە وێراگەیشتووی دەڤەری سۆرانەو یەکێکە لەئەندامانی (گروپی هونەری سۆناتا) لەو ساتەی کە من دەیناسم و پردی ئاشنایەتیمان لەگەڵ یەکتردا هەڵچنیوە، وەك هونەروەرێکی هەست ناسك و لەبواری جیهانی هونەری مۆسیقا ناسراوەو وەك مرۆڤێکی چالاك، و گوێرایەڵ دێتە بەرچاوان... ماوەیەك بەر لەئێستەو لەئیوارەیێکی ساردی زستانیانەدا، لەو کاتەی بەفری سپی پەرچەمی نیگاکانمانی تەڕدەکرد، (قائد) بەچریەیەکی هێمن و سۆزێکی هونەرمەندانەو روخساریکی پرشنگدار وتی منیش ناوی خۆم گۆڕیو کردم بە (رەهەند).. من زۆر چاك دێتەوە بیرم هەر کاتێ ئێمە بەنێوی (قائد) بانگمان دەکردو ناومان دەهێنا، ئەو هەستی بەنیگەرانیو راڕایی دەکردو گلەییو گازندەی ئاراستەی ئەو کەسە دەکرد کە بۆ یەکەمجار ناوی نا (قائد).. هەمیشە دەیگوت ئەم ناوە وێڕای ئەوەی ناوێکی عەرەبیە، لەهەمان کاتدا هێماو ناوو نازناوی سەرکردەی دکتاتۆری عێراق (سەددام حسێن)ە.. دواتر دەیگوت هەر دەبێ ئەم ناوە لەفەرهەنگی ژیانی خۆمدا بسڕمەوەو ناوێکی کوردی بۆ خۆم هەڵبژێرم.. پیرۆزە رەهەند گیان.

سەلام ئەوروز

ئیسرائیل قیناعی دژە کیمیایی بۆ سەگ و پشیلەکانی دروست دەکات

ئیسرائیل یەکێکە لەو وڵاتانەی کە رێو شوێنی زۆری گرتۆتەبەر بۆ خۆپاراستن لەچەکە کیمیاییەکانی رژێمی عێراق، سەرەڕای ئەوەی کە بەیارمەتی ئەمریکاو ئەڵمانیا زماریەکی زۆر قاعیدەی پاتریۆتی دانراوەو زماریەکی زۆر قیناع و دەرزی ئەترۆپینی بەسەر هاوڵاتیانیدا دابەشکردووەو خستۆتە بازاڕ. لەم دواییەدا (رافی کیشون)ی پزیشکی ئاژەڵی ئیسرائیلی رایگەیاند کە قیناعی پاراستنی سەگ و پشیلەو ئاژەڵە ماڵییەکانی دروستکردووە بۆ پاراستنیان لەچەکی کیمیایی.

ئاشنا عومەر:

زۆربەی کوڕانی هەندەران کە دەگەنە سەر سنوور سۆزو دڵی خۆیان فرێدەدەن

بەڵێن جەمال

هونەرمەند ئاشنا عومەر قوتابی قۆناغی پێنجەمی بەشی مۆسیقای پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر، ئەندامی تیپی ئۆرکسترای کوردستان و گروپی مۆسیقای (مریەم خان)و، بێژەری تەلەڤزیۆنی هەرێم. یەکێکە لەو کچە بەهرەمەندانەی کەویستمان بەچەند پرسیارێك زیاتر پێی ئاشنا بین:

*** زۆر کارو ئەرکت هەیە، وەك دەڵێن ئەم هەموو گندۆرەیەت چۆن پێهەڵدەگیرێ؟**

– زۆر هیلاك دەبم، بەڵام لەبەر ئەوەی کات و بەرنامەی خۆم دیاریکردووەو لەماڵەوەش رێم پێدراوە بەهەموو کارەکان رادەگەم.

*** خۆشەویستیت کردووە؟**

– خۆشەویستی ئەو زۆرداریە کە بەزەیی بەکەس دا نایێتەوە.

*** حەزدەکەی زووببی بەدایك؟**

– نەخێر.

*** بۆچی؟**

– لەبەر ئەوەی ئارەزوو و ئاواتی زیاترم هەیە ئینجا ئەگەر وا زووببم بەدایك دەبێ زۆرشت بەلاوە بنێم و بیکەمە قوربانی هاوسەرەکەم و داهاتوو.

*** دوا رۆژی خۆت چۆن دەبینی؟**

– زۆر بەئاڵۆزی، چونکە ئەوەی هەستی پێدەکەم و دەمەوێت ناکەوێتە بەردەستم.

*** هونەر چی پێ‌بەخشیوی؟**

– هونەر دەمباتە ناو دونیای خەون و خەیاڵ کە کەم کەس ئەو دونیایە دەبینێ.

بۆ ل١١

بیرەوەری

نوورەدین سەعید وەیسی

نموونەیەکی بێ‌نموونە

ئەگەر لەپیرتان مابێ لەگۆڕشەی رابردوودا نووسیبووم ((تۆزقاڵێکیش گەشبین نیم کریسمسەکانی داهاتوو، بێ کێشەترو بێ‌ئازاوەترو بێشەرترین لەکریسمسەکانی رابردوو))، خەونی لەگوناهی ئاسایش و سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین خۆش بێ کە بەداخەوە نەیانهێشت پێشبینیەکەم تەنانەت بۆیەك رۆژیش بەهەڵە دەربچێ‌و رۆژی ١٢/٣١ رێگەیان لەخۆپێشاندانێکی هێمنانەی قوتابیانی زانکۆ گرت و هەندێ قوتابیشیان بۆ چەند ساعاتێك لەئاسایش (میوانداری) کرد..!

وەك پرسیارو سۆراخیشم کرد، قوتابیانی زانکۆ نەداوایان کردبوو (وەك هەندێ سیاسەتمداری کورد داوای دەکەن) ئەگەر ئەمریکا هێرشی کردە سەر عێراق پێمان خۆشە سوپای تورکیاش بێتە باشووری کوردستان، نەبڕیاریش بوو داکۆکی لەو ٣٣ەلاو حەفتا شێخ ومریدەی کوردستان بکەن کە لەکەناڵی سەتەلایتی عێراقدا بەئاشکرا پشتیوانیان لە سەددام کرد، بێگومان نیازیشیان نەبوو پشتگیری لەقسەکەی ((مەعاز شیت))ی مامۆستا لەکۆلیجی دەرمانسازی زانکۆی سەلاحەدین بکەن کە گوتبووی ((رووداوی هەڵەبجە ئەوە ئاهێنێ پێنج دەقیقە بۆی بوەستن)) – خودابکا لەپای ئەو قسەیەی پارچە زەویەکی وەرنەگرتبێ‌–.

بەڵکو داواکانی قوتابیان هەر هێندە بوون:

– دەرماڵەی ئەو چەند مانگە بدرێت کە سلێمانییەکان گووتەنی حکومەت خۆی لێ کردووە بەکەری شەرپەت.

– سۆپاو ئەوت بۆ بەشە نێوخۆییەکان دابین بکرێت تا چیتر بەدەم سەرماو لەرزەوە نەلێن شەرپفە باوکە رۆ.

– سندوورێك بۆ مامۆستا بەعسییەکان دابنرێت لەزانکۆدا.

بڵێی ئەم داوایانە زەرەریان هەبێ بۆ پەزی ئەزموونە دیموکراتییەکەمان؟

باشە ئێمە بەچی تاکە ئەزموونی دیموکراتین لەناوچەکەدا ئەگەر ئەمەیان تاکە خۆپیشاندانێکی ئازاد و هێمنانە بکرێت؟

جا خۆش ئەوەیە داوای ئەوەش دەکەن ئەزموونە دیموکراتییەکەمان بکرێتە نموونە بۆ حکومەتی داهاتووی عێراق، ئەمەش مانای ئەوەیە:

– هەربەعسییەکان کول فیکول بن.

– تەنها ساڵێك هەڵبژاردن بکرێت و هەر چوار ساڵ جارێك بەبیانووی شەڕی نێوخۆوە درێژ بکرێتەوە.

– دەیسان سندەندیکاو مەندیکا بەتەزکیەی حیزبی دابمەزرێن.

– لەپەرلەمانی داهاتووی عێراقدا هەر چوار پێنج ئافرەت –ئەویش بۆ دیکۆر– ئەندام پەرلەمان بن.

– کەس بۆی نەبێت بەبەرپرسێك بڵێت: سەیدی رەنگی بۆینباخەکەت لەگەڵ قاتەکەت نایێتەوە

* * * * *

ئیزنم بدەی هەر دەچم، ئیزنم نەدەی هەردەچم

هێشتا چوار کچە شامی بەژن سنەوبەری وەمەك قیتم نەدیبوون کە هاوڕێیەکم لە هەولێرەوە تەلەفۆنی بۆ کردم:

– بەمن دەکەی لەکەلی شەیتانی دێیە خواریو کەرو بارت بەرەو هەولێرێ تێك دەنێیەوەو واز لەخاریج وماریجی دێنی.

تۆزێك بیرم لەقسەکەی کردەوە، پاشان لێم پرسی:

* کردنەوەی بارەگای پارتیو یەکێتی لەهەولێرو سلێمانی، لەسەر هاتنەوەی من پەکی کەوتووە؟

– نەوەڵلا

* ئەگەر بێمەوە باج وسەرانەی سەر خەڵکی کەم دەکەن؟

– نەبەخودای

* ئەگەر خودا لێی گۆڕیم و گەرامەوە بڵێی پارکی هەولێرێ وەك چۆن بۆ ماڵە بەرپرسان دەرگای لەسەر گازی پشتە بۆ خەڵکی دیکەش وای لێ بێ؟

– باوەڕناکەم

* ئەدی چەتەکانی PMFیش دەرناکەن؟

– هەرگیز، چۆن دڵیان دێ دڵی تورکیا بڕەنجێنن

* باشە ئەگەر شەیتانم بەلەعنەت کردو هاتمەوە، پارتیو یەکێتیو بزووتنەوەی ئیسلامی واز لەدۆستایەتیو داکۆکیکردن لە خەزرەجیو سامەڕائیو مشعان جبوری دەهێنن؟

– ئیستەغفرولا، کاری وا چۆن دەکەن.

دەنا حەسەن سیسەاوەیی گوتبەنی ئیزنم بدەی هەر دەچم، ئیزنم نەدەی هەردەچم..!

nuradinwaisi@ hotmail.com

دیدارو سەردانەکانی هەڤاڵ سکرتێری گشتیی YNDK

پێشوازی لەشاندێکی حزبی دیموکراتی بێت نەهرێن کرد

* پێش نیوەڕۆی ٢٠٠٣/١/٨ هەڤاڵ غەفوور مەحمووری سکرتێری گشتیی یەکێتیمان YNDK بەئامادەبوونی هەڤاڵان (د.شاخەوان خالد- ئەندامی مەکتەبی سیاسی، د.عەبدوڵڵا عەدۆ، قەهار تاهیرو خالد مەحموود- ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی، لەنووسینگەی تایبەتی خۆیدا لەشاری هەولێر بەگەرمی پێشوازیان لەشاندێکی باڵای حزبی دیموکراتی بێت نەهرێن کرد، کەپێکهاتبوو لەبەڕێزان (کاك ڕۆمیۆ هەکاری- سکرتێری حزب، زادوق ئادەم و عامر حزیران- ئەندامانی مەکتەبی سیاسی) لەدیدارێکی بریانەدا باس لەرەوشی سیاسی کوردستان و ناوچەکەو ئەگەرو پێشهات و گۆڕانکارییەکان کرا، هەروەها جەخت کرایەوە سەرپتەوکردنی پەیوەندی برایانەی نێوان هەردوولا.

پێشوازی لەشاندێکی بزووتنەوەی دیموکراتی کوردستان کرد

* پێش نیوەڕۆی ٢٠٠٣/١/٩ هەڤاڵ سکرتێری گشتیی یەکێتیمان YNDK بەئامادەبوونی هەڤاڵان (د.شاخەوان خالد- ئەندامی مەکتەبی سیاسیو مام عەبدوڵڵا ئەحمەد- ئەندامی مەکتەبی ناوەندی پەیوەندییەکان) لەنووسینگەی تایبەتی خۆیدا لەشاری هەولێر بەگەرمی پێشوازیان لەشاندێکی باڵای بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان کرد، کەپێکهاتبوو لەبەڕێزان (مام خدر روسی- سکرتێری بزووتنەوەو ژمارەیەك لەئەندامانی سەرکردایەتی بزووتنەوە) ئەمەو لەدیدارێکی برایانەدا گفتوگۆ لەسەر بارودۆخی سیاسی کوردستان و ناوچەکەو ئەگەری گۆڕانکارییەکان لەعێراق و پتەوکردنی پەیوەندی برایانەی نێوان هەردوولا کرا.

پرسە نامە

بۆ برای بەڕێزم کاك ئیشایا میخائیل- ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی دیموکراتی بێت نەهرێن

سلاوێکی گەرم. . .

بەخەم و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی برای بەڕێزتانم پێگەیشت، خۆمان بەهاوبەشی خەمتان دەزانین و پرسەو سەرەخۆشی گەرمی خۆمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێزو بنەماڵە بەڕێزەکەتان دەکەین و لەخوای گەورە داواکارین سەبرو ئارامیتان پێ ببەخشێت و ئەوە دوا ناخۆشی بنەماڵە بەڕێزەکەتان بێت.

لەگەڵ ڕێزماندا.

براتان
غەفوور مەحمووری
سکرتێری گشتیی YNDK
٢٠٠٣/١/٧- هەولێر

ئاشنا عومەر: زۆربەی کوڕانی .. .. پ

* ڕات چییە دەربارەی ئەو خۆشە ویستییەی کە کچانی نێرە لەگەڵ کوڕە کوردەکانی هەندەران دا دەیکەن؟

- زۆربەی کوڕەکانی هەندەران هەر کە دەگەنە سەر سنوور دڵ و ڕوحیان دەردەهێنن و فڕێدەدەن، هەر خوا دەزانێ چەند کچی کوردستانیان بێ ئومێد کردووە کەدوای چەند ساڵێك و دوای تێرکردنی ئارەزووەکانیان ئینجا ئەو کچانەیان بەبیر دێتەوە.

* ئەو خەسڵەتەی گەرەکتە لەهاوسەرەکەت دا هەبێ چییە؟

- ئەگەر هونەرمەند نەبێ، دەبێ هونەردۆست بێ.

* جگە لەهونەر حەز لەچیتر دەکەی؟

- شوفێریو سوارچاکی.

پێش ئەوەی بەشداری شەڕی عێراق بکەن دوو سەربازی . . . . . پ

بۆ کەنداو بەمەبەستی بەشداریکردن لەشەڕی عێراق دا.

لەو بارەیەوە دکتۆر جیف دریسکۆل ڕایگەیاند: (ئەو دوو سەربازە دەیانەوێ منداڵبوونی خۆیان دابین بکەن نەوەك لەکاتی شەڕدا تووشی نوقسانیەك ببن لەو بارەیەوە) هەروەها گوتی: زۆرجار لەکاتی پشێویو تەنگژەکاندا ئەو حاڵەتانە هەبوونەو، کە سەربازەکان بەسەلامەتی ڕزگار دەبن ئاگادارمان دەکەنەوە بۆ فڕێدانی تۆوەکانیان.

کلۆدیاشیڤەر پیاوێکی ٣٢ ساڵی .. .. پ

بڕیاردا بوو چەند بەدلەیەکی بووکێنی بۆ بدزێ بەڵام بەهۆی قەرەباڵغی کۆگای بەدلەکانی بووکێنی بەدەماڵچەیەکی لاستیکیو قولابیو ڕووداوپۆشراوی ڕووی لەو دووکانەی زێڕو مجەوهەرات کردبوو. لەکاتی دادگاییکردنیدا، دادگا بڕیاری لەسەر ئەوەدابوو کە ئەو مرۆڤێکی تاوانکار نییە بەڵکو نەخۆشی دەروونی هەیە، هەر بۆیەش ڕەوانەی نەخۆشخانەی نەخۆشییە دەروونییەکان کرا. ئاژانسی دەنگوباسی ڕۆیتەرز لەدرێژەی هەواڵەکەیدا ڕایگەیاندە کە ئەو پیاوە چوار ساڵە لەخەیاڵی دیدارو مارەکردنی کلۆدیاشیڤەردا دەژی.

کۆنگرەی لەندەن و چەند .. .. پ

کە هیچ سەروەڕێو شکۆمەندیەکیان نییە، ئەگەر هەشیان بێ سەدەیەکی خەبات و قوربانیی ئێمە نییە، ئامادە نەبوون (تنازل) بکەن و سوور بوون لەسەر داواکاریەکانیان!!

بۆچی سەرکردەی کورد، هەروەها مرۆڤی کوردیش، چەند بەهێز بێوتوانای گەورەو گرنگ و کاریگەری لەبەر دەستدا بێ، هەر خۆی لەبەردەم داگیرکەردا بەبچووك دەزانێ؟ ئەگەرنا، ئەوانەی لەئەوروپا سەرو دوکانیان کردوەتەوەو ناوی حیزبیان لێ ناوەو بەخۆیان دەڵێن (معارضە)و مانگانە یان ساڵانە دەس لەئەمریکاو ئەوروپا پان دەکەنەوە بۆ ئەوەی بەخێری خۆیان شتێکیان بدەنێ تا بتوانن، هەر بۆ (اثبات وجود)، بەیناو بەین ڕۆژنامەیێك یان بەیانێك دەربکەن، ئەوانەی هیچ کامیان سەد کەسیان لەگەڵدا نییەوهیچ بنکەو جەماوەرێکیان نییەو بستێ لەخاکی عێراقیشیان لەبەردەستدا نییە، بۆچی ئەوان (تنازل) ناکەن، کەچی کورد بەم گشت چەك و تەقەمەنیو پێشمەرگەو خاکە پان و پۆرەو دوو حکومەتەشەوە، ئامادەیە (تنازل) بکا.

پاشان کێ دەڵێ کورد دوای ئەم هەموو خوێن و ئازارو کوشتارە بەم بڕیارە ڕازی دەبێ؟!

خۆ دەبایە هەر هیچ نەبێ داوایان بکردایەی دان بدرێ بەمافی گەلی کورددا لەدیاری کردنی چارەنووس و دواڕۆژی خۆی، با ئەمڕۆش ڕۆژی ئەو داواکاریە نەبێ -وەك دەڵێن- و زەحمەت بێ بێتە دی، بەڵام دەبایە وەك مافێکی ڕەواو یاسایی ئەم میللەتە تۆماربکرابایە، یان هەر هیچ نەبێ داوای ئەوەیان بکردایەی کە پرس بەمیللەت بکرێو ڕاپرسێك (استفتاء) ڕێك بخرێ تا بزانن گەلی کورد ڕای چییەو بەچی ڕازی دەبێ، ئەمەش دەبایە وەك خاڵێك بخرابایە ناو ئەو ڕاگەیاندنەوە بەمەرجێك ئەو ڕاپرسە لەژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکاندا بێت چونکە کێشەکەی ئێمە ئەمڕۆ، بووەتە کێشەیێکی نێودەوڵەتیو لەقاوغەکانی (کێشەی ناوخۆ) و (مەسەلەیێکی مرۆیی)و (دەس نەخستنە ناو کاروباری ناوخۆی عێراق)ەوە دەرچووە.. بۆیە هەق نییە پارتیو یەکێتی بەم شێوەیە دووبارە بکەنەوە بەکێشەیێکی ناوخۆیی عێراقی..!!

لەدوای هەموو ئەمانەو لەهەر هەموو شیان گرنگتر مەسەلەی جێبەجێ کردنی ئەو ڕاگەیاندنەیە بەم کەم و کوڕیانەشەوە.. خۆ بەیانی ئازاریش بۆ سەروەختی خۆی خراپ نەبوو، کەچی جێبەجێ نەکرا!!

ئایا سەرکردەکانمان کامە (ضمانات) یان مسۆگەر کسردووە، یان داوا کسردوە، بۆ جێبەجێ کردنی ئەم ڕاگەیاندنە، ئەگەر لەدوا ڕۆژدا حکوومەتی داهاتووی عێراق لەهەموو بەڵێنەکانی ئەو کۆنگرەیە پاشگەز بووەوە؟! ئەمانە هەموویان پرسیارن و چاوەڕێی وەڵامن.

* ئەم وتارە لەڕۆژی ٢٠٠٢/١٢/٢٥ گەیشتە دەستمان، لەبەر نەبوونی جێگا نەمانتوانی لەژمارەی ڕابردوودا بڵاوی بکەینەوە. میدیا

ڕوونکردنەوەیەك لە کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور (ICRC)

ڕاست کردنەوەی هەواڵێك لەژمارە (١٣٩)ی ڕۆژنامەی میدیا بڵاوکراوەتەوە سەبارەت بەکۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور لەژێر ناونیشانی (خاچی سوور پلانێك بۆ یارمەتیدانی لێقەوماوانی شەڕ دادەڕێژێ و ڕێکخراوە بیانییەکانیش ڕێنوێنی تازە دەدەنە ئەندامەکانیان).

هەر وەکو ئاشکرایە کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور کۆمیتەیەکی مرۆیی سەربەخۆی بێ لایەنە ئامانجی کارو چالاکییە مرۆڤایەتییەکانی کەم کردنەوەی ئازارو ئەشکەنجەی لێقەوماوانی جەنگە. بنەمای یاسایی ئەرك و دەسەڵاتی کۆمیتە لەسەر ڕێگای پێدانەی کۆمەڵگای نێونەتەوەییەوە سەرچاوەی گرتووە کەدراوە بەکۆمیتە لەڕێگای مۆرکردنی ڕێکەوتنامەکانی جنێڤی ساڵی (١٩٤٩)و دوو پرۆتۆکۆڵە پاشبەندەکەی ساڵی (١٩٧٧)، کە لەلایەن (١٨٩) وڵاتی جیهانەوە مۆرکراوە.

ئەم کورتە ڕوونکردنەوەیەی سەرەوە ئەوە ئاشکرا دەکات کە کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور پلانێکی چەسپاوو هەمیشەیی هەیە بۆ بەهانا چوونی لێقەوماوانی جەنگ بەڵام فراوانیو شێوازی ئەو پلانە پەیوەستە بەجۆرو شوێن و بارودۆخی ناکۆکییەکانەوە. بۆیە کۆمیتە پێویستی بەپلانی نوێ نییە بەڵکو هەمیشە ئامادەکاری بۆ چۆنیەتی بەڕێوەچوونی ئەو پلانە تاوتوێ دەکات لەکاتی ڕووداوە ناکۆکییەکاندا.

کۆمیتە هەمیشە ئامادەیە بەهەموو توانایەکیەوە کەسەبۆی دەرەخسێت فریاگوزاری پێشکەش بەلێقەوماوانی جەنگ بکات لەکاتی ڕووداوە ناکۆکییە نێونەتەوەییو نانێونەتەوەییەکاندا لەسەرانسەری جیهاندا بەبێ هیچ جیاوازییەکی زیان بەخش بەلێقەوماوانی جەنگ.

دلێر م.ك. شوانی
ب/بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن.
٢٠٠٣/١/٧- هەولێر

شاندێکی هەرێمی سۆرانی YNDK سەردانی ناوچەی سۆران (٢)ی PDK دەکات

ڕۆژی یەکشەممە ٢٠٠٢/١/١٢ شاندێکی هەرێمی سۆرانی YNDK کە پێکهاتبوو لەهەڤاڵ وڵات حەمەد- بەرپرسی پەیوەندییەکان، ڕێبین وسو- کارگێری هەرێم، بۆتان محەممەد- ئەندامی هەرێم سەردانی ناوچەی سۆران (٢)ی PDK کردو لەلایەن بەڕێز یوسف سۆفی عەلی بەرپرسی ناوچەو کارگێرانی ناوچە پێشوازییان لێکراو لەدانیشتنەکەدا باس لەرەوشی کوردستان و پەیوەندی نێوان PDK و YNDK کرا.

ڕووبەڕوو لەگەڵ ڕۆشنبیراندا : عومەر فارس: .. .. پ

هەیەو ڕێز لەبۆچوونی بەرامبەرەکەم دەگرم. ئەوانەی خۆشیان پێی ئاییێت زۆر کەمن، لەناویشیاندا هەیە کە خۆشی ئازانێ بۆ خۆشی بەکوردستان نێت ئایە چونکە وەك (سەدەمییەکە) بۆی کارەکە غەریبە لای چۆن دەبێت بەو شێوەیە هەموو کەس بتوانێت ئەوەی دەیەوێت بیڵێ.

* تۆبۆخۆت تا چەند هەست بە کاریگەری کوردستان نێت دەکەی؟

- بەباوەڕی من کوردستان نێت کاریگەری خۆی هەبووە. چونکە زۆر کەس هەبوون هەرگیز بیریان لەوە نەدەکردەوە بتوانن ڕۆژێك لەڕۆژان ببنە نووسەرو نووسینەکانیان بڵاوبکرێتەوە. کوردستان نێت بووە هاندەر بۆیان. بۆچوونە دژەکان بەئاسانی دەتوانن لە یەك جێگاوە ململانێی خۆیان بکەن. زۆر بابەت هەبووە کە لەشوێنەکانی تردا شانسی بڵاوکردنەوەی بەهۆی بڤەبوونی کەم بووە. بەڵام لەکوردستان نێت بڵاوکراوەتەوە.

* لەسەر ئەو بابەتە ڕەخنەییانەی بڵاویاندەکەیەوە تائێستا هیچ جارێك لەلایەن حیزبە کوردییەکانەوە فشارت خراوەتە سەر یان هەرەشەت لێکراوە؟

- بێگومان سوکە گلەیی هەر هەیە، بەڵام وەك هەرەشەکردن کەس هەرەشەی لێنەکردوم. ئێوە نەبێت کەسیش لێی نەپرسیوم خەریکی چیت. ئەگەر هەرەشەشم لێبکەن هەرچەندە باوەڕناکەم، من بەسوبحەت وەریدەگرم، چونکە بەباوەڕی من مرۆڤ ئابێت ئازار بدرێت. بەتایبەت ئەگەر مرۆڤێك ئازاری کەسی نەدابێت من کارەکەی خۆم بەڕاست دەزانم و بەرژەوەندی گەل و نیشتمانەکەم لەسەرووی هەموو شتێکەوە دەبینم.

* بەڕای تۆ بۆچی تائێستا زۆر ماڵپەڕی کوردی کاریگەر دروست نەبووە، و ماڵپەڕە حیزبییەکان بێدەنگ و سەدان؟

- دروستبوونی ماڵپەری کاریگەر پێویستی بە بەکارهێنەری جدی هەیە باوەڕ ناکەم کورد تائێستا بوبێتە بەکارهێنەرێکی جدی ئینتەرنێت. با ئێمە زۆر نەفڕین جارێ ماومانە، بەڵام باش هەنگاومان بۆناوە. من لە کوردستان نێتەوە دەبینم کە نزیکەی چسل هەزار IPadres کوردستان نێت دەکاتەوە. واتە لە چل هەزار کۆمپیوتەرەوە دێنە ناو کوردستان نێتەوە. بەڵام لەو چل هەزارە ڕۆژانە ٤ تا ٥ هەزار ڕۆژانە دەبنە میوان. ئەم ژمارانە لەچاو ژمارەی کوردی باشوورو ڕۆژهەڵات زۆر کەمە.

* دەڵێن هەندێ جار هەندێ وتار بڵاوناکەیەوە، یاخود دەستکاری دەکەی یان کە لەماڵپەڕەکەدا دادەنرێن ئاکرێنەوە؟

- پێش هەموو شتێك دەبێت ڕەچاوی ئەوە بکەن کە من بەتەنیام و ڕۆژانە ٥٠ تا ١٠٠ ئیمایڵم بۆ دێت. ئەمە جگە لەوەی دەتوانم بڵێم لە ٢٤ کاتژمێردا هەموو دە دەقە جارێك دوو ڤایرۆسم بۆ دێ واتە دژەکەم ٢٤ سەعاتە لەپشت کۆمپیوتەرەوەیە هەموو دە دەقە جارێك دوو ڤایرۆسم بۆ دەنێرێت. ئازانم کێ مەسرەفی ئەو بسرادەرە دەکێشیت کە ٢٤ سەعاتە لەسەرکارە. شتی وا ڕووی نەداوە! وتارێك هاتبێ بڵاو نەکرا بێتەوە؟ تەنها لە دوو حاڵەتدا نەبێت بڵاویناکەمەوە یەکەم ئەگەر نووسینێك جنێو بەواتای جنێو (شێوە نەشارەکەی کە ڕۆژانە لەبازاردا بەکار دێت) نەك ڕەخنە، تیا بێت. دووەم ئەگەر نووسینەکە لەڕووی ڕێزمانەوە زۆر لاواز بێت و نەتوانێت مەبەستەکەی بەخوێنەر بگەیەنێت. حاڵەتێکی کەش ئەوەیە ڕەنگە بابەتەکە بوبێتە خۆراکی ڤایرۆس و بەرچاوم نەکەوتبێ. من بەبێ پرسی خاوەنەکەی دەستکاری هیچ ناکەم، زۆر جار ڕوو دەدات لەنووسینێکدا وشەیەك یان ڕستەیەکی ناشایستە بەکار هاتووە داوا لەخاوەنی نووسینەکە دەکەم بیگۆڕێت. بۆ ئەوەش کە هەندێ جار دادەنرێت و ناکرێتەوە ئەوە هەڵەی تەکنیکیەو لەبیرم چووە. دەنا ئەگەر نەمەوێت بڵاویکەمەوە. داشی ئانێم.

* ڕەخنەیەکی دیکە ئەوەیە دەڵێن ئایێ کوردستان نێت ڕێکلام بۆ ماڵپەڕی ئەنسارولئیسلام بکا (لینکی بۆ دابنێی)؟

- زۆر جار بۆ ئاساندنی ماڵپەڕێکی کوردی لەسەر شاشەی یەکەم بۆ ماوەیەکی کەم لینکێك دادەنێم، بۆ ئاساندنی بەخوێنەران. هەروەك چۆن کاتی خۆی لینکم بۆ ڕۆژنامەکەی ئێوە دانا. بۆ ئەنساری ئیسلامیش یەکەم وەك لاپەڕەیەکی کوردی دووەم لەبەر ئەوەی نووسینێکیان دژی کوردستان نێت بڵاوکردبۆوە لام باش بوو خوێنەران ببینن، لینکم بۆ دانان. ماوەکەی ئەوانیش تەواو بوو ئێستا لەجیاتی ئەوان لینکم بۆ ڕۆژنامەی (سپێدە) داناوەو بەردەوام دەگۆڕدرێت.

* بۆچی تائێستا هەوڵت نەداوە قەڵەمی نووسەرانی ڕۆژئاواو باکووری کوردستان بێنیە نێو کوردستانێت بۆ ئەوەی ببێتە ماڵپەڕێکی سەرتاسەری کوردستانی؟

- نووسەرانی ڕۆژهەڵات زۆرن کە لە کوردستان نێت دا دەنووسن، سەبارەت بەباکوور هەوڵیشم داوەو حەزیش دەکەم بەکوردی لاتینی نووسین بڵاوبکەمەوە، بەڵام بەداخەوە تائێستا نییەو لەهەوڵدا دەبم. من خۆم کوردستان نێت بە نێتێکی سەرتاسەری دەبینم و هیوادارم بەتەواوەتی وای لێبێت.

* لەسەر ئەو پشتیوانییە گەرمەی کە لەهەڵەتی دادگاییکردنی خەزەجیو سامەڕایی دەیکەی هیچ ئاستەنگێکی شە خسیتان بۆ دروستکراوە؟

- نا تاکو ئێستا خەزەجیو جەماعەتەکەی هیچ ئاستەنگێگیان بۆ دروست نەکردووم. بەڵام لەو باوەڕەدام ناردنی ئەو هەزاران ڤایرۆسە کاری ئەوان بێت.

* بیروڕات چییە لەسەر ڕۆژنامەڤانی کوردی؟

- کەمن ئەو ڕۆژنامەوانانەی کە بۆیان (ڕەخساوە) بەئازادی بنووسن. لەوانیش کەمتر ئەوانەن کە لەبەرژەوەندی میللەت دەنووسن. کەمترینیشیان ئەوانەن کە بوێرن. زۆرینشن ئەوانی بۆ بژێوی ژیان دەنووسن، لەوانیش زۆرتر ئەوانەن بەشە نوبەاڵی دەسەڵاتداران و سیاسەتەکانیان هەڵدەدەن.

* بەڕاشکاوی بیروڕات چییە لەسەر ڕۆژنامەی میدیا؟

- لەچاو ئەوەی کە میدیا ڕۆژنامەیەکی حیزبیە (کە من حیزبی بوون بە عەیبە یان خراپ نازانم) شێوە ئازادییەکی پێوە دیارە کە لەڕۆژنامە حیزبییەکانی تردا کەمتر دەبینرێت. هەستیش دەکەم خوێنەری باشی هەیە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من پرسیاردەکەم. ئایا ئەگەر ژمارەی ئەمڕۆی میدیا تەنها چوارگۆشەیەکی بەتاڵی مابێت و دوو بابەت لەبەردەستیا مابێ یەکێکیان لەبەرژەوەندی حیزب و ئەویتریان بەرژەوەندی گشتیی. کامیان بڵاودەکاتەوە؟

بۆ ئاگاداری بەڕێز کاك ئەسعەد هەمەوەندی

پێش نێزیکەی چوار ساڵ تەلەفۆنتکرد بۆم و تکاتکرد لێم کە وەرامی چەند پرسیارێکت بدەمەوە لەبارەی بیرو بۆچوونمەوە بەرامبەر سەرۆکی کۆچکردووی نەتەوەی کورد بەهەشتی مستەفا بارزانییەوە. ئەوەبوو پێتمڕاگەیاند کە ئامادەم، بەڵام بەو مەرجەی هەرچییەك دەنووسم، بێ هیچ جۆرە دەستکارییەك بڵاوبکرێتەوە، بەزووترین کات تایپبکەیت و بەفاکس بینێرێتەوە بۆم بۆ پشکنینی. بەڵام ئەوەتە چوار ساڵێك تێدەپەڕێ بەڕێزت هیچ دەنگت نەبوو. بەم پێیە ئەو مەرجانەی ڕێککەوتین لەسەریان بەجێنەهێنان. لەبەر ئەوە بەم ئاگادار کردنەوەیە پێتڕادەگەیەنم کەئێدی بۆت نییە ئەو نووسینەی من بڵاوبکەیتەوە، یان بۆ بەسەتێکی دیکە بەکاریبهێنیت و، دەبێ ڕەوانەیبکەیتەوە بۆم، پێچەوانە جوولانەوە دەبێتە کارێکی ناڕەوای ناقانوونی.

بەرلین ٢٠٠٣/١/١٢
جەمال نەبەز

بانگەوازێك لە "ناوەندی هەڵە بجە دژ بەئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد"ەوە

ناوەندی هەڵەبجە دژ بەئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد داوا لەهەموو ئەو کەس و ڕێکخراوانە دەکات کە بەتەنگی دابینکردنی عەدالەتەوە دێن بۆ دادگاییکردنی لێپرسراوە عێراقییە تاوانبارەکان کە تاوان و قەسابخانەی وایان ئەنجامداوە کە بەهیچ شێوەیەك ناکرێت چاوپۆشیان لێبکرێت. ئەوانەی کە لەو ساڵانەی دواییدا تواندویانە واز لەڕیزەکانی ڕژێمی خوێنڕژێژ بێنن بەمەبەستی سپیکردنی ڕووی ڕەشیان و هەڵهاتن لەو ڕقو توڕەیی جەماوەر، کاتێك کە بۆیان دەرکەوت کە ڕژێم ڕوو لەنەمانە، داوا دەکات کە بەشداری بکەن لەو هەوڵوتەقەلایەی کە ناوەندەکەمان پێی هەڵدەسێت بۆ کۆکردنەوەی بەڵگەنامەو دۆکێومینت و شایەتی کە تاوانبارکردنی کارگێڕی ئیستخباراتی عەسکەری سوپای عێراقی پێشوو لیواروکسن "وەفیق سامەڕایی" دەسەلمێنێت، کە ڕۆڵی سەرەکی گێڕاوە لە بەجێهێنانی تاوانەکان دژ بەخەڵکی عێراق بەگشتیو خەڵکی خسواروو و کوردستان بەتایبەتی، بەمەبەستی پاڵپشتیکردنی ئەو هەوڵانەی لەئارادایە بۆ بەرزکردنەوەی داوای دادگایی لەبەردەم دادگاکانی بەریتانیا کە لێیدا جێنشینە. بۆ ئەم مەبەستەش دەکرێت پەیوەندیمان لەگەڵ بکەن بەڕێی ئیمێلی ناوەندەکەمانەوە. لەگەڵ ڕێزماندا بۆ بەشداری بوونتان لەم ئەرکەدا.

ناوەندی هەڵەبجە دژبەئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد

antigenocide@hotmail.com

UN : نیو ملیۆن عێراقی .. .. پ

باس لەزەرەرو زیانەکانی خەڵکی کراوە ئەگەر هێرشی سەربازی بکرێتە سەر.

ڕاپۆرتەکە دەڵێ: بەشێوەی ڕاستەوخۆو لەئەنجامی بۆردوومانی فڕۆکەکان ئەگەری ئەوە هەیە (١٠٠) هەزار کەس بەچەکی گەرم بکوژرێن و (٤٠٠) هەزاریشان لەئەنجامی ڕووخانی خانوو و ماڵەکانیان و شتی لاوەکی بکوژرێن. هەروەها (٩٠٠) هەزار کەس ڕادەکەنە وڵاتانی دراوسێ و لەوانە (١٠٠) هەزاریان حاڵیان زۆر شڕ دەبێ. لەلایەکی دیکەوە (٢) ملیۆن کەس ماڵ و حاڵی خۆیان لەدەست دەدەن و لەنێو خۆی عێراقدا دەکەونە نێو کامپ و لەژێر چادردا دەژین. هەروەها ڕاپۆرتەکە تەئکیدی لەوە کردۆتەوە کە ئەگەری ئەوە هەیە ژێرخانی ئابووری عێراق لەم لێدانەدا بەتەواوەتی لەنێو بچێ یاخود زیانێکی زۆر قورسی پێبکەوێ.

ڕژێم هێزێکی زۆر لەسەر سنوورەکانی .. .. پ

لەگەڵ ڕێبواران دا.

لەئەنجامی ئەو جموجۆڵە سەربازی و ئەمنیانەی ڕژێم لەم ڕۆژانەدا ئرخی سوتەمەنی لەکوردستان دا بەرادەیەکی زۆر بەرزبووەوە، بەڵام ئاژانسی دەنگوباسی یونایتد پرێس لەزاری چەند سەرچاوەیەکی کوردی دوێنێ بڵاویکردەوە کە هاتنی سوتەمەنی لەڕۆژی شەممە وەستابوو و ڕۆژی دووشەممە دەستی بەهاتن کردووەتەوە.

باقر حەکیم: تەنیا گەلی عێراق مافی.. .. .. پ

مەسەلەی فیدرالی، ئەوەی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن تائێستا کردوویانە ئەوە بووە کەڕای خۆیان دەربڕیووە، بەڵام بێگومان بڕیارێکی وا چارەنووس ساز لەجیاتی گەلی عێراق نادەن) لەکاتی کۆنگرەکەو دوای ئەوەش چەند کەسایەتییەکی دیاری دیکەی ئۆپۆزسیۆن کە بەشداربیان لەکۆنگرەکەدا کرد مەرجکاریو گومانی بەو شێوەیان خستۆتە سەر بەدیهاتنی فیدرالیزم لەقۆناغی دوای ڕووخانی ڕژێمی سەددام.

ئێزیدییەکان ڕەخنە لەکۆنگرەی.. .. .. پ

خاکی کوردستانن و ئەوانیش بەشێکی نەتەوەی کوردن و دەبێ هەموو ئەو ڕەفتارە تەعریبکارییانەی لەدژیان کراوە هەڵبوەشێندرێنەوەو ئاسایینی ئێزیدی وەك ئاینێکی یەکتاپەرست لەدەستووری عێراق و کوردستان دا دانی پێدابنرێ دەستەیەکی تایبەتیان لەوەزارەتی دادو ئەوقاف و کاروباری ئاینیدا هەبێ.

ڕژێمی تورکیا لە نەخشەیەکی یاساییو.. .. .. پ

دەکات ئەگەر خۆیان چاڵاك بکەن، ئینجا بۆ ئەوەی ڕێگە لەهەنگاوی تازەی کوردان بگرین و مەجالی کوردان تەسکبکەینەوە تورکیا داخیلی باکوری عێراق دەبێت. هەروەها گوتی تورکیا (بۆ بەرژەوەندی کوردان و بەرژامەندی کوردانیش) ئەوە دەکات و هەوڵدەدات کوردەکان لەوە تێبگەیێنێ کە ئەوە لەبەرژەوەندی کوردان دایە.

بەو مەرجەی زەوییەکانیان بخەنە.. .. .. پ

زەوییەکانیان بخەنە سەر ناوی عەرەبە نیشتەجێکراوەکانی کەرکوك. بەپێی سەرچاوەکانمان تائێستا چەند کەسێك بۆ ئەو مەبەستە سەردانی کەرکوکیان کردووە.

نەزار خەزرەجی: مافی خۆمان بووە کە .. .. پ

لەپشتیانەو جەنگاوەرەکانیان کە لەچیاکانی باکووردا گەرچی کوردی توركیان و ئۆجەلان چەك و دارایی لەسەددام وەرگرتووە. وەك چۆن وڵاتانی تر بازی بەکارتی کوردی دەکەن سەددامیش بەکوردی توركیا. کاتێك کە ئۆجەلان هاتە بەغدا لەلایەن سەرۆکی موخابراتەوە پێشوازی لێکراو دەستبەجێ بردیان بۆ لای سەددام. بۆ ئەو گرفتانەی ئێستا بۆ من دروستکراون گشتی بەغدا لەپشتیوەیەتی. چەند کوردێك لەدانیمارك دژی من تاوانیان ئاراستەکردووم و دەڵێن کە من سەرۆکی سوپای عێراق بووم و سوپای عێراقیش لەساڵی ١٩٨٢ تا١٩٩٢ کوردەکانی لەناوبردووە. بەڵام ئاڵێن بەدەستوری کێ ئەم کارانە کراون؟ منیش هەموو جارێك ئامۆژگاریان دەکەم و دەڵێم ئێوە لە سەرکردەکانتان (تاڵەبانیو بارزانی) بپرسن ئەمە چۆن ڕوویداوە؟!

چۆنیەتی ڕاکردنی خەزرەجی

لەسەرەتادا ڕامکرد بۆ ئۆردون، لەوێش پیاوەکانی سەددام تەنگیان پێهەڵچنیم ویستیان بمکوژن ئەوبوو ناچار ساڵی ١٩٩٨ ڕامکرد بۆ ئیسپانیا، لەوێش ژیانم لەمەترسیدا بوو دیسان گەرامەوە بۆ ئۆردون دواجار ساڵی ١٩٩٩ هاتمە دانیمارك.

خەزرەجی دەڵێ (سوپای عێراق ئێستا لەبارەی تەکنیکیەوە لاوازترە لەساڵی ١٩٩١، ناتوانی بەرنگاری هێزی دەرەکی ببێتەوە، سەددام لەپیلان گێڕاندا وەستایەو ئێستا بۆ ئەو موخابەرات گرنگە. لەسیاسەت و ئابووریدا زانستی سەربازیدا هیچیو نەشارەزایە، گومانی لە هەر کەسێك بێت دەیکوژێت، لە هەموو شوێنێك بەتایبەتی لەنێو ئۆپۆزسیونی عێراقیدا پیاوی خۆی هەیە.

مەبەستی سەرەکی ئێمە لابردنی سەددام و کوڕەکانیو پانزە بیست نەفەرە لەهاوڕێ نزیکەکانی.

* باشتر نییە بەزیندویەتی بگیرێت و دادگای مەدەنی بکرێت و نەك سوپایی؟

- تا ئەو جێگەی من سەددام بناسم تا هێزی هەبێت بەرگری دەکات. زۆر زەحمەتە خۆی بکوژێو لەوانەیە لەبەرگریکردندا بکوژرێ.

* سەرچاوە: ڕۆژنامەی (فریما نوقەستی) ڕۆژی ٢٠٠٢/١٠/٤.